
# لە ژێر ناوی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بەبڕی (٥٥٥) ملیۆن دینار وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بینای مەڵبەندی (٩) یەکێتی لە هەڵبجە دروستدەکات

**بەدواداچوونی لڤین**



**تکایە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ساغی بکەنەوە ، ئەم بینایە بۆ مەڵبەندی (٩)ی یەکێتییە یان یان مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ؟!!!**

مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەڵەبجە یەکێکە لەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی خۆی لە ناوچەی هەڵەبجە هەستاوە بە ئەنجامدانی، بەلاّم پاش تەواو بوونی بیناکە، بڕیارە بکرێتە مەڵبەندی (٩)ی شارەزووری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
ئەم پرۆژەیە پار ساڵ لەسەر ئەرکی وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبەرایەتی ئیشغاڵی هەڵەبجە هەستاوە بە جێبەجێکردنی و بە یەکێك لە پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم دادەنرێت لە ناوچەکەدا کە بوجەی (٥٥٥٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دیناری چاپی نوێیە.
لەسەر ماکێتی دەرەوەی پرۆژەکە نوسراوە"پرۆژەی دروستکردنی بینای مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەڵەبجەی شەهید" لە کاتێکدا لەسەر دیواری بەردی بناغەی پرۆژەکە کە هەندێك دێڕی کوژا بوویەوە، بەلاّم ئەوەی کە دەبینرا نووسرابوو"لە یادی ٢٩ ساڵەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەردی بناغەی مەڵبەندی (٩)ی شارەزوور دانرا"

سەبارەت بە بەدواداچوونی کێشەکە ئەندازیار (سەروەت تاهر ڕەشید) بەڕێوەبەری ئیشغال و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەی شەهید وتی"پرۆژەکە بۆ بینای مەڵبەندی (٩)ی شارەزوور بەردی بناغەی دانراوە، ناونانیشی بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەڵەبجەیەو ئەمەش لە سەلاحیەتی ئێمەدا نەبووە، ئێمە وەك لایەنی تەنفیزی لێی بەرپرسین وەك پرۆژەیەکی وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی"
سەبارەت بەوەی کە ئەو زەوییە شوێنێکی حوکمی بووە و ئێستا کراوەتە بارەگایەکی حزبی، وتی"ئەوە پەیوەندی بە شارەوانییەوە هەیە، لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا بینای پاککردنی تووتن بووە بە موڵکی وەزارەتی پیشەسازی دادەنرێت چەند ساڵێك دراوە بە پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە، ئێستا دراوە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بینای مەڵبەندی ڕۆشنبیری"
دەربارەی بوجە پرۆژەکە و ڕووبەری بیناکە ئەندازیار (ئاریان) سەرپەرشتیاری بیناکە ئاماژەی بەوەدا



کە بە سێ بوجەی جیاواز و بە بڕی (٥٥٥٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دیناری چاپی نوێ جێبەجێ دەکرێت و بە ڕووبەری (١٢٣٦)م دووجا، بە شێوازی سێ بینای بچووك و بینایەکی دوونهۆمی دروستکراوە.
لە کاتێکدا بڕی ئەو بوجەی کە دیاریکرابوو لەسەر ماکێتی دەرەوەی پرۆژەکە (٣٤٢٠٤١٥٠٠) دیناری چاپی نوێیە.
هەرچەندە بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە لڤین پاش ئەوەی پەیوەندی کرد بە بەڕێز(م. شاهۆ) بەرپرسی حکومەتی هەرێم لە شارەزوور بەلاّم هیچ وەلاّمێکی لەوبارەیەوە دەست نەکەوت .